گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper35
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٢/١٣
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٤/١٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٤/٢٩

# بەراوردی خولیی بەدواییەکداهاتنی شارستانیەت لای ئیبن خلدون و شپنگلەر

م.ی دارستان عبدالرحمن حسين
darstan.abdulrahman@uor.edu.krd
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

شارستانیەت و مێژو دو چەمکی سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییەکی توند هەیە لە نێوانیاندا، بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژو ناتوانین باسی شارستانییەت بکەین، دەکرێ بڵێین شارستانیەت مێژو دروستدەکات و مێژوش شارستانیەت دەنوسێتەوە، ئەرکی مێژوە بە قوڵی و وردی لە شارستانیەتەکان بکۆڵێتەوەو هۆکاری دروستبونیان بخاتەڕو. لێکدانەوەی شارستانیەت و مێژو لای شپنگلەر لە کتێبە بەناوبانگەکەی (ئاوابونی شارستانیەتی خۆرئاوا) پێیوایە ناوەڕۆکی مێژو بریتییە لە شارستانیەتەکان، ئەگەر شارستانیەت نەبێت مێژو بەمانا ڕاستیەکەی بونی نیە، ئاماژە بەوە دەدات کە هەر شارستانییەتێک هێمای تایبەتی خۆی هەیە، ئەم فەیلەسوفە پێیوایە شارستانیەت وەکو هەمو بونەوەرەکان زیندوە لە دایکدەبێت و بە قۆناغەکانی ژیاندا تێدەپەڕێت، گەنجیەتی و پیری و مردن، کە خوێندنەوەیەکی زیندوانەیە بۆ مێژو. بەڵام ابن خلدون پێیوایە مێژو زانستێکە لە زانستەکان خاوەنی بابەت و ڕێبازی تایبەت بە خۆیەتی و دەکرێ ڕوداوە مێژوییەکان بە شێوەیەکی زانستیانە ڕاڤە بکرێت و هەر ڕوداوێک بۆ هۆکار و فاکتەری خۆی بگێڕێتەوە. دەبێ مێژونوس میتۆدی جیاواز بەکاربهێنێ، پێویستە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی هەبێت، ئەو پێیوایە کۆمەڵگەی مرۆیی وەک ژیانی بونەوەرێک زیندوەو پەرەدەسێنێت، هەر کۆمەڵگەیەک کە کۆن دەبێ و پیردەبێ کۆمەڵگەیەکی تر شوێنی دەگرێتەوە، ئەم خولەش بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، قۆناغی کۆچەری، قۆناغی پەلاماردان، قۆناغی شارنیشینی. کەواتە ئەم دو بیرمەندە ڕاڤەیەکی خولی و زیندویان هەیە بۆ قۆناغەکانی بە دواییەکداهاتنی شارستانیەت، پێیان وایە شارستانییەتەکان لە دایک دەبن هەروەکو مرۆڤ پاشان گەشە دەکەن و دواتر

دەپوکێنەوە. لە هەمانکاتدا بیروبۆچونی جیاوازیشیان هەیە، شپنگلەر پێیوایە مێژو زانست نییە بە پێچەوانەوە ابن خلدون هەوڵی زۆری داوە مێژو وەک زانستێک بناسێنێت. لای ابن خلدون گەلان قۆناغ بە قۆناغ لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ باشترکردنی ژیان و کارکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەکۆچەرییەوە بۆشارستانییەت، بەڵام لای شپنگلەر گەلان بەرهەمی شارستانیەتن.

**کلیلە وشەکان:** شپنگلەر، ابن خلدون، شارستانیەت، میتۆد، قۆناغەکانی گەشەکردن، بەراوردی خولی.

## پێشەکی:

شارستانیەت بەرهەمی هەزاران ساڵ ژیانی مرۆڤ و هەوڵ و تەقەلاکانیەتی، جەنگانە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ ژیان، لەگەڵ خودی مرۆڤەکان، توێژینەوە لە بابەتێکی وەک شارستانێتی کە پەیوەستە بە خودی ژیانی مرۆڤ خۆیەوە، زۆر ئاڵۆز و هەستیارە، بابەتی بون و جیهانگیری پێویستە، چونکە شارستانیەت بەرهەمی هەمو مرۆڤایەتییە. لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا کە لە سێ باس پێکهاتوە باس لە بابەتێک دەکات کە شارستانیەت و خولی بە دواییەکداهاتنی شارستانیەتە، بەڵام لای دو بیرمەندی جیاواز، کە هەریەکە لە بیرمەندی ئیسلامی ابن خلدون و هزرڤانی ڕۆژئاوایی شپنگلەرە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** یەکەم: خستنەڕوی تێڕوانینی هەریەکە لەم دو بیرمەندە بخەمەڕو کە لە دو ژینگەی جیاواز و لە دو سەردەم وبارودۆخی جیاواز و لە دو ئاینی جیاوازو دو کلتوری جیاواز ژیاون، چۆنیەتی بیرکردنەوەی هەریەکە لەم دو فەیلەسوفە دەربارەی چەمکێک کە بەرهەمی تەواوی مرۆڤایەتییە کە شارستانێتیە.

دوەم: بەراوردکردنی تێڕوانینی هەریەکەیان کە ڕاستە ئەم دو بیرمەندە تێڕوانینێکی هاوبەشیان هەیە کە لێکدانەوەی خولیی بەدواییەکداهاتنە بۆ شارستانێتی، بەڵام لە ناوەڕۆک و تێڕوانیندا زۆر جیاوازن جا بەهۆی کاریگەری ئەو دۆخە بێت کە شپنگلەر کەوتۆتە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕوداوەکانی کاریگەریان لەسەر بۆچونەکانی داناوە. یان ابن خلدون کە لە ژینگەیەکی عەرەبی کە ئەسڵ و مەنسەبیان دەگەڕێتەوە بۆ خێڵ و بیابان نیشینی کە لەسەر بنچینەی دەمارگیری دامەزاوە، وایکردوە لە نوسینەکانی ڕەنگبداتەوە، و جیاوازی ئاینی یەکێک بوە لەو هۆکارانە کە ناکرێ پشتگوێی بخەین، مەبەستم بو تێبگەم ئاستی بیرکردنەوەی دو هزرمەند لەژینگەیەکی ئەوروپی ئاین مەسیحی، لەگەڵ بیرمەندێکی ئیسلامی خۆرهەڵاتی تاچەندە جیاواز ولێک نزیکەو بە خوێنەری کوردی ئاشنابکەم.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی شرۆڤەیی و بەراوردکاریی بەستوە. هەوڵمداوە تێڕوانینی هەریەکە لە ئیبن خلدون و شپنگلەر بۆ مێژو و قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی شارستانێتی شرۆڤە بکەم، دواتر بەراوردکاری و تیشک خستنە سەر خاڵە وێکچو و جیاوازەکانیان.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ باس پێکهاتوە، لە**باسی یەکەمدا**: لەتەوەرەی یەکەمدا هەوڵم داوە کە بیروبۆچونی ابن خلدون لەبارەی مێژو و میتۆد بخەمەڕو لەتەوەرەی دوەمدا تێڕوانینی ئیبن خلدون بۆ خولەکانی شارستانیەت. ابن خلدون لێکۆڵینەوەکانی زیاتر سەبارەت بە خەلافەتی ئیسلامی و لە ئەفریقای ژورو بەشێکی ڕۆژهەلات بوە، زانستە نوێ یەکەی ابن خلدون (المقدمة) تەنها لە مێژو پێکنەهاتوە، بەڵکو کەڵەکەبونی زانست، مێژو، فەلسەفەی مێژو، سۆسیۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژی، زانستی سیاسی، زانستی ئابوری، جوگرافیایی فیزیکی ومرۆیی، ابن خلدون لە مقدمەکەیدا پڕۆسەی گۆڕان لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان ڕوندەکاتەوە. هەرچی **باسی دوەمە:** باس لە تێڕوانینی شپنگلەر دەکات کە لە دو تەوەرە پێکهاتوە لە تەوەرەی یەکەم باسی مێژو ومیتۆدی شپنگلەردەکات، تەوەری دوەم: تایبەتە بە تێڕوانینی بۆ خولی بەدوای یەکداهاتنی شارستانیەت کە بەچوار قۆناغدا تێدەپەڕێ بەهار و هاوین و پایز و زستان کە قۆناغی لە ناوچونیەتی، لە بەناوبانگترین بەرهەمەکەی کە (ڕوخانی ڕۆژئاوایە). **باسی سێیەم:** تایبەتە بە بەراوردی تێڕوانینی ئەم دو بیرمەندە بۆ شارستانیەت و خستنە ڕوی خاڵە لێکچو و جیاوازەکانیان.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە پرسی شارستانییەت لە دیدی ابن خلدون و شپنگلەر، گەنگەشەکردنی ئەم پرسە لە ڕوانگەی هەریەک لەم دو بیرمەندەو، و بەراوردکردنی بیروبۆچونەکانیان و شرۆڤەکردنی خولەکانی بەدوایەکداهاتنی شارستانیەت.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خوێنەر ئاشنای گۆڕانکاری وگەشەکردنی قۆناغەکانی شارستانیەت دەکات، و پێمان دەڵێت کە ئەرکی مێژونوس تەنها نوسینەوەی ڕوداوەکان نییە، و لەم ڕێگەیەوە دەتوانین پێشبینی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان بکەین لە شارستانییەتە جیاوازەکانی داهاتو.و ئاشنامان دەکات بە دیدو تێڕوانینی شپنگلەر و ئیبن خلدون.

## باسی یەکەم: تێڕوانینی خولیی ئیبن خلدون[1] بۆ شارستانیەت

### تەوەرەی یەکەم: میتۆدو مێژو لای ئیبن خلدون

لە ڕوانگەی ئیبن خەلدونەوە مێژو مێژوی شارستانیەت و ئاوەدانی مرۆڤایەتییە هەر وەک ئاشکرایە ئیبن خەلدون بەردی بناغەی بۆ فەلسەفەی مێژو داناوە، مێژوی بە زانستێکی گرنک ناو هێناوە، پێیوایە مێژو هونەرێکە نەتەوەو نەوەکان پەنایان بۆ بردوە، ڕێبواران و پیاوان لێوەی سودمەند بون، سەرچاوەی مەعریفی

بوە بۆ بێ ئاگایان، پاشان دەسەڵاتە باڵاکان پێشبڕکێیان لەسەر کردوە، نەزان و زانا بەدوایداچون و لە ڕوخساردا هەواڵی ڕۆژگارو دەوڵەت بوە، هەموی لەسەدەکانی ڕابردو هاتونەتە بون، بونەتە نمونە و هەریەک بە دوای یەکدا جێگای ئەوەی پێشوی گرتوەتەوە، وڵاتان فراوان بون، زەوی ئاوەدان بوەتەوە، مرۆڤ بانگەوازی بۆ ئاوەدانی کردوە، پاشان لەناوچون. ئەمەش بەواتای مێژو ڕاناوەستێت بەردەوام لەگۆڕاندایە، ابن خلدون دەڵێ: (ڕاستی مێژو هەواڵێکە لەبارەی بەکۆمەڵ بونی مرۆڤایەتییەوە هەروەها حاڵ وباریان وەکو پێکەوە ژیان ودەمارگیری) ئەو یەکەم کەس بوە کەدانی بەوە داناوە مێژو زانستێکە لەزانستەکان، خاوەنی بابەت ورێبازی تایبەت بەخۆیەتی، دەکرێ ڕوداوە مێژوییەکان بەشێوەیەکی زانستیانە ڕاڤەبکرێت وهەر ڕوداوێک بۆهۆکارو فاکتەری خۆی بگەڕێتەوە. (نەبەز،٢٠١٣، ٤٤-٤٧)

مێژو تەنها پێکنەهاتوە لەوەسف یان گێڕانەوەی ڕوداوەکان، مێژو زانستێکە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لەناو فەلسەفەدا دەدۆزێتەوەو شیاوی ئەوەیە بژمێردرێت بە لقێک لەو. ابن خلدون ڕەخنەی لە مێژو نوسان و سەرچاوە مێژوییەکان گرتوە، پێی وایە تەنها نەقڵی دەنگوباس وزانیاریان کردوە، هەندێ خورافات و ئەفسانەیان نوسیوەتەوە و بەبێ ئەوەی بەراوردیان بکەن بەسەرچاوەی جیاجیا وگوێیان نەداوەتە کۆنترۆڵی لەیەکچونیان لەگەڵ پرنسیپی بنەڕەتی ڕاستیدا، مێژو نوس دەبێ میتۆدی جیاواز لە لێکۆڵینەوەی جیاواز بەکاربهێنێ، پێویستە بینینێکی ڕەخنەیی هەبێت. لای ابن خلدون میتۆدی بەراوردکەرەوەو پرنسیپی هۆیی شوێنێکی تایبەت دەگرن لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوییدا، (لە کاتێکدا پێش ابن خلدون مێژو نوسان پشتیان بەگێڕانەوەی وەسفی و وێناکردنی واقعی پچڕپچڕ و لایەنگیری بەستوە)، ابن خلدون لە بەراوردکردنی (عمرانی حەزەری و عمرانی بەدەوی) میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، پێیوایە ناتوانین هۆکارەکانی ڕوداوێک تێبگەین بەبێ تێگەیشتنی گونجاوی ئەو بارودۆخانەی کە بەرهەمیان هێناوە.(عیسا، ٢٠٠٢، ٦٤-٦٧).

## تەوەرەی دوەم: قۆناغەکانی خولیی شارستانێتی

١- چەمکی شارستانیەت: لە زمانەوانیدا بە واتای نیشتەجێبونە لە ئاوەدانیدا لە شوێنی مەڵبەندی بنیاد و بینادا بە پێچەوانەی دەشتەکیە، چەمکی (الحضارە) بۆ ژیار بەکاردێ کە هاو واتای وشەی لاتینی(civilization)ە، بەم جۆرە لەو ڕۆشنبیریە گشتگیرترە کە بەلایەنی ڕۆحی یان هزری دەوترێت، شارستانیەت بەواتا فراوانەکەی واتای چالاکی مادی و عەقڵی و مرۆییە کۆمەڵی چەمک و واتای کۆمەڵێ مرۆڤە کە نەریت و بیرو سیستەم و یاسا گەلێکیان هەن کە جڵەوی ئاراستەی ئەو چالاکیە ڕۆحی و مادییە ی کۆمەڵگایان بەدەستە و دواجار دەیگەیەننە ئاستی ژیانێکی باشتر. (الهاشمی،٢٠١٣. ٣). شارستانیەت بەواتای ڕەوشت وخەسڵەتی بەئەدەب بون و چۆنیەتی ڕەفتارکردن بەکاردێت، ئەمەش نیشانەی پاکیەتی

ئاکارییە کە لە شار(Civitas) بەرهەم دێت، چەمکی(Civilization) بەواتای شارستانیەت و(Civility) بەواتای ئاخافتنی ماقوڵانە دەدات، وشەی (Civilization) لە وشەی لاتینی(Civilis) کە پەیوەندی بە وشەی شارۆمەندەوە هەیە وەرگیراوە. کاتێک کلتوری گشتی دەگاتە ئاستێک فکری کشتوکاڵ بەرهەم دێت، تەنها شارستانیەتە کە مرۆڤ ناچاردەکات بیر لەدروستکردنی شار بکاتەوە، شارستانییەت لە کوخی جوتیارەوە دەست پێدەکات بەڵام لە شاردا دەپشکوێت.

دەتوانین لە شارستانیەتدا چوار ڕەگەزو توخمی سەرەکی دەست نیشان بکەین کە بریتین لە: پلانی ئابوری، ڕێکخراوی سیاسی، نەریتە ئاکارییەکان و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی مەعریفە و هونەر. شارستانیەت پەیڕەوی لەچەند هۆکارێک دەکات کە یان ڕەوتی گەشەکردنی خێرا دەکەن، یاخود دەبنە بەربەست لەبەردەم ڕێچکەیەک کە گرتویەتییەبەر، ڕەنگە لەنێوچونی ئەم هۆکارانەو تەنانەت هەندێ کات نەبونی یەکێک لە هۆکارەکان ببێتە هۆی ڕوخانی شارستانییەت، گۆڕانێکی زەوی توند، یان گۆڕانی کەشوهەوا، نەخۆشییەکی گشتگیر کە مرۆڤایەتی نەتوانێ کۆنترۆڵی بکات و نیوەی خەڵک لەناو بەرێت، داڕمانی ئەقڵی و ئاکاری، جەنگی ماڵوێرانکەر.....هیتر، لەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی ڕوخانی شارستانییەت. چونکە شارستانییەت بابەتێکی خۆرسکی مرۆڤ نییە و شتێکیش نییە کە لە نێوچونی نەبێت، هەرکاتێک دابڕان و ڕاوەستان ڕویدا کۆتایی هاتنی شارستانییەتیش دەست پێدەکات. شارستانییەت پێویستی بە ئامرازێکە بۆ ئەوەی لە نەوەیەکەوە بیگوازێتەوە بۆنەوەیەکی تر ئەویش پەروەردەکردنە.(دیورانت،٢٠١١، ١٤-١٩)

لەم بارەیەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: مرۆڤ بەتەنها و بە پشت بەستن بەهێزی جەستەی خۆی ناتوانێت بژی و بەرگری لە هێرشی دەرەوەی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر هاوکاری هەبێ لە جۆری خۆیدا ئەو کات ئاسانتر خۆراک و جل و بەرگ و پارێزگاری لە مانەوەیان دەکرێت، بۆیە پێوستی بەئاوەدانی و کۆبونەوەو ڕێکخستنە. (ئیبن خەلدون،٢٠١٦، ١٩٥) لە لێکۆڵنەوەکەیدا لە بارەی قۆناغە جیاجیاکانی شارستانیەت دەری دەخات پێویستی مرۆڤ بە کۆمەڵی پێداویستی جیاجیا وادەکات کە کۆمەڵێ مرۆڤ لە دەوری یەک کۆببنەوە و کۆمەڵگە بنیاد بنێن، بۆ ئەمەش پێوستە کۆمەڵێک قۆناغ بەدوای یەکدا ببڕن و بۆ ئەوەی پێداویستیەکان کە مەیلیان لێیە بەباشی پێشبکەوێ، لە سادەترین و زەرورترین ئەو هۆکارانەش خۆراک و بەرهەمهێنانە. (مهدی،١٣٨٣، ٢٤٢) ئیبن خەلدون باسی لەوە کردوە کۆمەڵگەی مرۆیی وەک ژیانی بونەوەرێک زیندو پەرە دەستێنێت لە منداڵییەوە بۆ گەنجییەتی و پیری و مردن، بە هەمان شێوەش ژیانی گەلان و میلەتان بەتێپەڕبونی کات بەشێوەی خول دەڕوات، هەر کۆمەڵگەیەکی کۆن کە پیردەبێ و نزیک دەبێتەوە لە لەناوچون، کۆمەڵگەیەکی نوێ شوێنی دەگرێتەوە و دەچێتەوە قۆناغی کۆچەری دواتر بە قۆناغی پەلاماردان و هێرشکردندا تێدەپەڕێت، و پاشان بە قۆناغی شارنیشنی کۆتایی پێدێت.

## ٢- قۆناغەکانی خولی شارستانییەت لای ئیبن خلدون:

١- قۆناغی کۆچەری: کۆچەری لای ئیبن خەلدون بریتییە لە نیشتەجێ بون لە خاکێکی فراواندا و پشت بەستن بەو ڕۆزییەی بەرهەمی دەهێنێت، هەندێکیان پەنادەبەنە بەر بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و چێڵ و وشتر، کۆچەر لەژیان و گوزەرانیاندا گرنگی تەنیا بە شتە پێویستەکانی وەک خۆراک و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێ بون دەدەن، سەختی کۆچەری بەر لە خۆشگوزەرانی شارستانییە. کۆچەری قۆناغێکی گرینگەو پێش شارنیشینیە و نزیکترە لە هەژاری و خێروچاکەو سروشت و لە شارنیشینی ئازاترن و حەز لە متمانە بەخۆکردن و ئازادی و پەلاماردان و هێرشکردن دەکەن، تیرە ناوکی کۆچەری کۆمەڵایەتییە، کۆچەرییەکان نیشتەجێ دەبن و کۆچ دەکەن و لەمیانەی پەیوەندی دەمارگیری و ڕەچەڵەک و خوێن یەکدەگرن، ئەمەش لایەنگیری و هاوپەیمانی هۆزایەتی بەرهەم دەهێنێت. توخمە سەرەکییەکانی کۆچەری ئەمانەن بیاباننشینی، دەمارگیری، شانازی بەخۆکردن و سەرشۆڕنەکردن، توانای زاڵبون. ئەگەر خێڵ یەکێک لەم توخمانە لەدەست بدات مانای وایە کۆچەری لە دەست داوە.(ئەلزەیدی،٢٠١٥،١٩٩-٢٠٠) تیرەگەری وەک هێزێکی سۆسیۆلۆژی و سیاسی لە بیری ئیبن خەلدوندا بەگوێرەی کەمی و زۆری تیرەگەری سنوری بۆ دانراوە کە هۆکاری یەکەمی هاوکارییە، لەنێوان تیرەگەری و هاوکاری پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ هەیە، چەند عصبیەت بەهێزتر بێت ئەوەندە هاوکاری شوێنی خۆی دەگرێتەوە، چەند تیرەگەری لاواز بێت ئەوەندەش پەیوەندی نێوان ئەندامان لاوازە، گرینگترین ماکی تیرەگەری ئەوەیە کەتاکە کەس بەرهەمی سروشتی ڕەسەنی سەرەتایی خۆیەتی. (عیسا،٢٠٠٢، ١٦٤-١٦٨) ژیانی گەل و نەتەوە بیابان گەڕو شانیشینەکان بەشێوەیەکی یەکسان بەپێی هەل ومەرجە سروشتییەکان هەریەکەو بەپێی پێویستی خۆیان بەجۆرێک دەژیێن کە ناتوانن خۆیانی لێلابدەن. ئەوانەی کە بەشێوەی هۆز یان دەشتەکی دەژین کۆمەڵگەکەیان وەستاوە لەسەر هاوکاری لە نێوان یەکتریدا لە بواری ژیان و گوزەران، ئەم جۆرە کۆمەڵگە سەرەتاییانە ساوا بون و هەوڵ و کۆشش و چالاکی بەر لەقۆناغی شارنیشینی، ئەمانە ناچارن کە ژیان لە دەشت و بیابانەکاندا بەسەر بەرن ژیانی دەشتەکی و بیابان نیشینی هەڵبژێرن، چونکە دەشت گەلێکی بە پیت هەن کە تیایدا کۆمەڵێک سەر قاڵی کاری کشتوکاڵ و باغدارین، دەستەیەکیش بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتداری و هەنگ و کرمی ئاوریشم خەریکن. لەم هەلومەرجەی کۆمەڵگەدا کە هاوکاری نێوانیان تەنها بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانە ناتوانن هەنگاو بەرەو قۆناغێکیتر بنێن.(ابن خلدون،١٩٤٩، ٣٣٩-٣٤٠).

٢- قۆناغی پەلاماردان: کاتێ کۆچەری لە بیابان بەدەست زۆری دانیشتوان و ژیان تەنگییەوە دەناڵێت، دەست دەکات بەپەلامارو ململانێ لە بیابانداو کۆمەڵەکان لە دەوری سەرکردەی خێڵ و سەرۆکی پەلاماردانەکە کۆدەبنەوە، و هێرش دەکەنە سەر هۆزەکانی دیکە بۆ بەتاڵانبردنی مەڕو مەڵات و بە

دەستهێنانی لەوەڕگەو کێڵگەو بە کۆیلەکردنی پیاو بە کەنیزەککردنی ژنان. پەلامارو شەڕ لە نێوان وڵاتانی دراوسێ زیاد دەکات لەگەڵ زیاد بونی وشترو کەسانی بیانی و پێداوستی هۆکارەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی و دەسەڵات و کاسبی. (ئەلزەیدی، ٢٠١٥، ل٢٠٠) خەبات بۆ ژیانێکی سەخت و ژینگەیەکی دژوار وبرسیەتی و ماندویی مۆرکی دینامیزم و هەڵپەیی دەدات بە تیرەگەری، و ڕۆڵی تیرە گەریش داکۆیکردنە لە گروپێک دژی گروپێکی تر یان دژی خەتەرێکی دەرەکی لەسەردەم و کاتی بێ ئارامیدا، و کەلتوری سەرەتایی و کۆن سنوردانانە بۆ ماکەکانی تیرەگەری، ئیبن خلدون کە دەڵێ ئامانجی تیرەگەری وەرگرتنی دەسەڵاتە، دەیەوێ بڵێ کە یەکیەتی تیرەگەری لە لایەن یەکگرتن و هێزی گروپێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، ئامانجی تیرەگەری واتایەکی خودی بابەتی هەیە، لە ڕوانگەی خودیەوە، سەرۆکی تیرەگەری هەوڵ دەدات دەسەڵات بگرێتە دەست وەک ئامرازێک بۆ ژیانێکی باشتر، خۆشترو ئاسانتر لە ڕوانگەی بابەتییەوە پێویستییەکی سروشتی هەیە بۆ گواستنەوە لە کلتورێکی سەرەتایی و کۆبونەوە بۆ کلتورێکی پێشکەوتوی شارستانی کە ئامرازەکەی تیرەگەرییە، بەڵام ئەم گواستنەوەیە سەرەتای هەپرون بونی تیرەگەری پێک دەهێنێ. (عیسا،٢٠٠٢، ١٧٠)

پرۆسەی بەشارستانیبون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چاوەڕوانکراوە، چونکە ئامانجی ئەو ڕەوەندانەیە کە بەدوای ژیانێکی ئارام و خۆش و خۆشگوزەرانی دەگەڕێن، چونکە خراپی باری ژیان دوچاری هەلومەرجی دژواریان دەکاتەوە لە کاتێکدا شارستانییەکان دەستکەوتەکانیان لە دەستکەوتی خەڵکی ڕەوەند زۆرترە، چونکە بارودۆخی ژیانیان لە سەروی پێداویستییە زەرورییەکانە بژێویشیان بەپێی ماندوبونیانە، خەڵکی شارەکان لە خۆشی و چێژ نقوم بونە، باری خۆشگوزەرانی و تەرەف لەشاردا هانی تاکە کەس دەدات کەتیایدا بمێنێتەوە، لە بیرکردنەوە لە بارودۆخی لادێ و گەڕانەوە بۆی دوری دەخاتەوە.(ئیبن خەلدون، ٢٠٠٦، ١٦٩-١٧١) بۆیە پێوست بەگۆڕینی کۆچەری دەکات بە شێوەیەک کۆمەڵگا لە کۆچەریەوە دەردەچێت و دەچێتە قۆناغی شارنیشینی و شارستانی کەواتە پەلاماردان قۆناغی نێوان کۆچەری و شارنشینیە.

### ٣- قۆناغی شارنشینی (عمران الحضری)

دوای دەستکەوتی پەلاماردان و هێرشکردن بۆ دامەزرندنی دەوڵەت، کۆمەڵگە لە قۆناغی کۆچەرییەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی شارنشینی، ئەمەی هونەرنواندنە لە خۆشگوزەرانی و پیشەزانی و پسپۆڕی لە دەسترەنگینیدا و بایەخدانە بە خواردن و خواردنەوەو پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبون و حەوانەوەو چێژ وەرگرتن لەخۆشییەکان. (ئەلزەیدی،٢٠١٥، ٢٠١). شارستانیەت (عمران الحضری) نوێنەرایەتی پوکانەوەی تیرەگەری دەکات و ئەنجامی ئەم دۆخە گەندەڵی و هەرەس هێنانە لە عومرانی حەزەریدا لە ئەنجامی تەشەنەسەندن و دابەش بونی کارو تێکەڵ بونی ڕەگەزەکان و دەوڵەمەندی و بەختەوەری و گەورەبونی

ڕوبەری جوگرافی، تاکەکەسەکان هەست بە نامۆیی دەکەن (هەست دەکەن بێگانەن بە یەکتری) پەیوەندییەکان دەبن بە پەیوەندی لەیەکدان، کاریگەری ئەم دۆخە لە نائارامی دەوڵەت دەردەکەوێ کە وردە وردە لە کۆمەڵ جیادەبێتەوە، خەڵکی لەسەربناغەی یەکیەتی ڕوکەش بەیەکەوەن بەبێ ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە هەڵپەیان زۆرە بۆ بون بە خاوەنی هەموشتێک، کاتێک دەوترێت عومرانی حەزەری بەتەواوی پێناسە دەکرێ لە ڕێگەی پەیوەندی خۆشگوزەرانی و سەرفکردنی زیاد لەپێوست بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ لەبەردەم هەمان دەرفەتدان. (عیسا،٢٠٠٢، ١٦٢-١٦٨)

ئیبن خەلدون سێ بنەما دەستنیشان دەکات بۆ شارنیشینی ئەوانیش: جۆری زەوی و مەبەست و سیفاتی حکومەت و زۆری دانیشتوان پێداویستی ئابوری هۆزەکە وای لێدەکات جاری یەکەم بەرگیری لەخۆی بکات پاشان دەست بە داگیرکاری بکات. لەم قۆناغەدا دەوڵەت دروست دەبێت و خاوەنداریەتی پاشانشینی سەر هەڵدەدات و کۆمەڵگە لە ژیانی کۆچەریەتی توندڕەوی دەچێتە قۆناغی ئاواکاری شارنیشینی جێگیر، ئەمەش لە ئەنجامی زاڵبونی هۆزەوە بە ڕێگەی دەمارگیریەکی گەشەسەندوی بە هێز لەسەرحسابی دەوڵەتێک یان وڵاتێکی دراوسێ، ئەم هێزە دەمارگیرە نوێیە نەریتە دەمارگیرەکەی زۆر بەهێزترە، پاڵنەری ئەم هۆزە دەمارگیریەکەی بۆ داگیرکاری و هێرش کردن بریتییە لە ڕێبازێکی ئاینی، یان بانگهێشتێکی سیاسی. لای ئیبن خەلدون بەرهەمهێنان بنەچەی شارستانیەتە، هەروەها داکۆکی لە ڕۆڵی ژینگەی سروشتی دەکات، چونکە کۆمەڵگە بەڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری شوێنگەکەی، پیشەکەی وجۆری بەرهەمە خواردەمەنیەکانی، لەبەرئەمە ئیبن خەلدون گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی کە شارستانیەت سەرهەڵنادات تەنها لە ناوچەی دیاری کراوی شیاو نەبێت.(محەمەد،٢٠١٥، ١٢٠-١٢٢) بەگوێرەی تیۆریەکەی بنەمایەکی تری شارستانیەت بریتییە لە حکومەتێکی بەهێز، مرۆڤی جێگیر پێویستی بە ڕێکخستن و پاراستن هەیە بۆ دڵنیابون لە بەرهەمی کارەکەی کە لەزیاد بوندایە، لەگەڵ پێویستی بە حکومێکی دادپەرەر، زۆری ژمارەی دانیشتوان ڕۆڵی خۆی هەیە لە خوڵقاندنی شارستانیەت، چونکە کۆبونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا و دابەشکردنی کار لە نێوانیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ لە ڕوی بەهێزی دەوڵەت و خۆشی و ڕابواردن، بارودۆخیان دەگۆڕێت بۆ موڵکداری و لەکەم دەرامەتیەوە دەگۆڕیت بۆ دەوڵەمەندی و بەختیاری و ژیانی شارستانی، لەبەژداری فەخرو مەجدەوە دەگۆڕێت بۆ تەریکی و تەنیایی، واتا کۆمەڵیکە لە خولی دەمارگیری خێلەکیەوە کە لەڕوی سیاسیەوە بەهێزبون دەگۆڕێت بۆ لاوازی بە ڕابواردنی ژیانی دونیا خەریک دەبن، ڕەوشتی ئازایەتیان لەبیر چۆتەوەو پشت بە خەڵکی تر دەبەستن، لەبەر خۆشگوزەرانی و دەست ڕۆیی ڕۆژانی سارا نشینی و ژیانی بەهێز لەبیر دەچن، هەروەک نەشیان بینیبێت دەمارگیریان نامێنێت و ڕابواردنیان دەگاتە ئەوپەڕی ئامانج بەمەش وردە وردە ئەم دەوڵەتە بەرەو پیربون دەچێت، ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر غەریزەی

ملكو مالداری فەخرو مەجد تەنیا بۆ خۆی بگەڕێنێتەوەو ڕابواردن و بێوەیی و سەرکزیش پەیدا بن، ئەوا دەولتیش پیردەبیَ)). (حوسێن،٢٠١١، ٩٦-٩٩)

یەکێک لە فاکتەرەکانی کەوتنی دەوڵەت نەمانی دەمارگیرییە دەوڵەتیش پێویستیەکی هەرە گرینگی شارستانیەت و بەردەوامی ئاواکاریە و تەواوکەری یەکترن. گەشەسەندنی شارستانیەت پەیوەستە بە دەوڵەت و گرینگی پێدانی دەوڵەت لە پارێزگاری کردنی شارستانیەت و پاراستنی ئارامی و جێگیری لە کۆمەڵگەدا جا هەرچ دەوڵەتێک بێت، بەم جۆرەش دەوڵەتان و سەرکردەکان دێن ودەگۆڕێن شارستانیەت بەردەوام دەبێت تەمەنی شارستانیەتەکان درێژترە لە تەمەنی دەوڵەتان، لەگەڵ ئەمەشدا ئیبن خەلدون پێی وانییە شارستانیەت کۆتایی نیە، بەڵکو تەمەنی خۆی هەیەو بەرەو نەمان دەچێت، دواین مەبەستی شارستانیەت لای ئیبن خەلدون ئەوەیە کە لێپرسراوانی دەوڵەت دەکەونە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و گیانی کارکردن لاواز دەبێت و زیاتر خزمەتی خودی خۆیان دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی هەلوەشانەوەی دەمارگیریەتی دەوڵەت.(محەمەد،٢٠١٥، ١٢٦-١٢٧)

## باسی دووەم: میتۆدی شپنگلەرو تێڕوانینی خولیی بۆشارستانێتی

### تەوەرەی یەکەم: میتۆدو تێڕوانینی مێژویی لای شپنگلەر

شپنگلەر* پێیوایە مێژو بریتییە لە شانۆیەک بۆ ژمارەیەکی گەورە لە شارستانیەتەکان، مێژوی هەمو شارستانیەتێکیش وەک مێژو بونەوەرێکی ئۆرگانیە، واتا سەوز دەبێت و پیَ دەگات پاشان تیادەچێت و دەمرێت، هەروەک پێی وابو کە چوار چێوەی ژیان یەکێکە سەبارەت بە بونەوەرە زیندوەکانەوە، هەمو شارستانیەتیەکانیش یەک چوارچێوەیان هەیە کە لەسەری دەڕۆن، بۆیە مێژو بریتییە لە کۆمەڵێک قۆناغ وخول و سەردەمی ژیانی شارستانیانە، هەمو شارستانیەتێکیش خول و قۆناغ و سەردەمێکی ژیانی داخراوی هەیە کە تایبەتمەندیەتی تایبەت بە خۆشی هەیە. (عبدولکەریم،٢٠٠٩، ١٠٨)

لەدیدی شپنگلەرەوە ئێمە دەتوانین بە دو شێوە لە مێژو تێبگەین، یەکەم ئەگەر بێت و وا لە مێژو بڕوانین کە بریتییە لە کەلتورێکی مەزنی گەشەسەندو، ئەوا لێرەدا دامەزاوەیەکی ڕێکخراوەیی لۆژیکی دەبینین کە شارستانیەتەکان تیایدا هاوشێوەی ژیانێکی زیندو وەدی هاتون، بەڵام ئێمە ئەگەر مەبەستمان بێت بنوسینەوە یاخود تۆماری بکەین، ئەوا لێرەدا ئێمە هاوبەندین لەگەڵ جۆریەتی ڕوداوەکان. بڕوانە (Oswald Spengler,the decline of the west).

شپنگلەر بۆ لێکدانەوەی مێژو میتۆدێکی ئاڵۆزو نا ڕۆشنی هەیە کەزۆرێک لە مێژونوس و لێکۆڵەرەوان ڕەخنەیان لێگرتوە، بۆیە پەی بردن بە کۆدو نهێنی میتۆدی شپنگلەر لێهاتوی لێکۆڵەری پێوستە بۆ ئەوەی بە باشی تێی بگات، شپنگلەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئارەزو لێبون (بەتەنگەوە هاتن ) تێبینیکردن، بەراوردکردن، دڵنیای ناوەکی دەستبەجێ، ژیری، دانایی زەینی، بریتین لە هۆکاری بەکار هێن بەهۆیانەوە دەتواندرێت لە دەرخستنی نهێنیەکانی جیهانی دیار لەباری بزوتندا نزیک بونەوە ئەنجام بدرێت). واتا دەبێت مێژو نوس یان فەیلەسوفی مێژویی هەمو ئەو مەرجانەی تێدا بێت. لێرەدا شپنگلەر دەیەوێت جۆرێک لە میتۆد دەر بخات کە ڕزگاری بێت لە میتۆدی زانستی سروشتی و میتۆدی پشت بەستو بە هۆکاریەتی. (عبدول، ٢٠٠٩، ٤٥-٤٨) ئەم جۆرە میتۆدەش کە شپنگلەر پەسەندی دەکات ناوی ناوە میتۆدی (سیمائی) کە تیایدا مێژو نوس هەڵدەستێ بە نیشانەکردنی دیمەن و خوێندنەوەی ڕوخسار، هەر بۆیە لە دیمەنی ڕوداوەکان هێمای (رەمز) ئەو ڕۆحە دەردەهێنێ کە ڕوداوەکە لێوان لێوە لێی، ئەم میتۆدە هەر وەک وێنەکێشانی کەسایەتیەکان وایە، مەبەست لەم میتۆدەی سیمائی خوێندنەوەی زیندوانەیە بۆ مێژو، چونکە سیمائی کارکردنە لەسەر ڕۆح و پەی بردنە بە ناوەکی شتەکان.(عبدول، ٢٠٠٩، ٤٨-٤٩)

نوسینەوەی مێژو بە ڕێگای ئاسایی، هەروەها ڕێگەی دابەشکردن بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ، وەک ئەوە وایە کە مرۆڤ لە سیستەمی ئەستێرەناسیی بەتلیمۆسەوە بڕوانێتە گەردون، چونکە مرۆڤی نوێ لەناو ئەو بەرنامە مێژوییە ناوەندی مێژوە، بۆیە هەمو سەردەمەکان بەپێی پێگەی خۆیان پێوانە دەکات، دور بە نزیک دادەنێت و نزیکیش بە نوێ، کێ دەزانێت دوای هەزار ساڵ چی ڕودەدات؟ ئەگەر مێژو هەر بەم شێوەیە بنوسێت، ئاخۆ ئەو سەردەمە نوێیەمان چ ناوێکی لێ دەنرێت؟ بۆیە پێویستە تێگەیشتنامن بۆ هەر سەردەمێک بەپێی بنەما تایبەتییەکانی بێت، نەک بەپێی دوری و نزیکی لە ئێمە، ئەوکاتە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە مێژوی مرۆڤایەتی بەسەر چەندین شارستانیەتدا دابەش دەبێت، هەر یەکێکیان ژیانی تایبەتیی تاکەکان لەخۆدەگرێت، واتا بەناو بازنەی داخراودا دەسوڕێتەوە، هەر یەک لەو شارستانیەتانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو ناکەونە ژێر کاریگەریی یەکدییەوە.(زەکەریا،٢٠٢٠، ٤٥-٤٧)

ئەو شێوازەی شپنگلەر پەسەندی دەکات بۆ کارکردن لە مێژودا شێوازی شیعرییە، هۆی ئەمەش ئەوەیە تێڕوانین بۆ مێژو جیاوازە لە تێڕوانین بۆ زانست کە بەستراوەتەوە بە یاسای چەسپاو و نەگۆڕ، هەروەها لەبەر ئەوەی مێژو زیندوە و بەردەوام لە بزوتن دایە. مێژو زیندوە و سەر بە ژیانە دەبێ بە زیندوش لێک بدرێتەوە (ژیان ڕاڤە ناکرێت مەگەر بە ژیان نەبێت) شپنگلەر پێی وایە پەیوەندێکی هاوشێوەی دەمارو خوێن

هەیە لە نێوان شیعرو مێژو، شیعر گوزارشتە لە زیندویەتی بۆیە دەبێ مێژو بە شیعر ڕاڤە بکرێت. (عبدول،٢٠٠٩،٤٥-٤٨).

**تەوەرەی دوەم: خولیی شارستانێتی لای شپنگلەر**

شپنگلەر لەبارەی دروستبونی شارستانیەت و نەمان و بەسەر چونی شارستانیەت مەزەندەی خۆی و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو پێی وایە بزوتنەوەی مێژو بزوتنەوەیەکی بایۆلۆژییەو لە زۆر لایەنەوە لە بیرۆکەکەی (یەک لە دوای یەکی خولاو خول)ی ئیبن خەلدون و بیرۆکەی ڤیکۆ جیاوازە. (حوسێن،٢٠١١، ١١٩-١٢٠) شپنگلەر لە لێکدانەوەی مێژوی شارستانیەتدا دەست دەکات بە بانگهێشتی شۆڕشێکی (کۆپەرنیکی) بۆ ڕاستکردنەوەی خەیاڵێک هەتا ئێستاش لە هزری ئەوروپیەکاندا ماوە، ئەویش ئەوەیە کە شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە جەمسەری نەگۆڕی هەمو شارستانیەتەکان دادەنێت، کە پێویستە هەمو شارستانیەتەکانیتر لەسەر ئەو حەقیقەتە بپێورێن. (صبحی،١٩٦٤، ٢٤٥)

بە لای شپنگلەر سوڕی پێشکەوتنی شارستانیەت بەچوار قۆناغدا تێدەپەڕێت وەک کەشی وەرزی ساڵ، سوڕی منداڵی بە بەهار وێک دەچوێنێ کە لایەنی ئابوری و سیاسی دەگرێتە خۆ بە بڵاو بونەوەی دەرەبەگایتی و دەسەڵاتی دەرەبەگ لە بڕیارداندا بۆ سەر کۆمەڵ لە هەمو لایەنێکەوە، ڕۆڵی هێزو گەشە کردن بە (بەهار) وێکدەچوێنێ کە ئەمەش گوێزانەوەی دەسەڵاتە لە لادێوە بۆ شار کە پیشەسازی پەرەدەستێنێ و دەبێتە هۆی گواستنەوەی سامان لە دەسەڵاتی دەرەبەگ بۆ دەسەڵاتی چینی ناوەند لە بازرگانەکان. ڕۆڵی هەڵوەرین و دارمان بە (پایز) وێک دەچوێنێ ڕۆڵی پوکانەوە و توانەوە بە (زستان)دەچوێنێ، هۆکاری ئەو گۆڕانانە دەگەڕێتەوە بۆ شتە غەیبیەکان کە پێویست ناکات بزاندرێت. (سابیر،٢٠٠٥، ١٤٤-١٤٥) واتا لە وەرزی بەهاردا داهێنانی زۆر گەورە ئەنجام دەدەرێت لەلایان ئەم ڕۆحە کە بەئاگاهاتۆتەوە نوێیە و کۆمەڵێک خەونی زۆری لەخۆگرتوە وە لەسەرەتای ئەم وەرزەدا ئەفسانەی زۆر گەورە لە دایک دەبن گوزارشت دەکەن لە هەستێکی نوێ بەرامبەر بە خواو ترس لە جیهان. بەهاری شارستانی هیندی (١٥٠٠پ.ز- ١٢٠٠پ.ز) ئاینی ڤیدا و ئەفسانەی ئارییەکان هەبوە لەم ماوەیەدا بەهاری شارستانی کلاسیکی (ئەپۆڵۆنی) لە (١١٠٠پ،ز-٨٠٠پ.ز) دەکاتە سەردەمی ئەفسانەکانی گریک و هۆمیرۆس، شارستانی عەرەبی (٠- ٤٠٠ز) کە سەرەتای مەسیحیەتە بەهاری شارستانی ڕۆژئاواش (فاوستی)(٩٠٠-١٢٠٠پ.ز) کە سەردمی کاثۆلیکی ئەڵمانییە، شارستانیەت لەم قۆناغەیدا سەرەتای گەشە سەندنیەتی بەو دیاردەو شێوازەی تێیدا دەردەکەوێ دەیەوێت گوزارشت لە خۆی بکات و تایبەتمەندی خۆی وەربگرێ، بەنزیک بونەوەی شارستانیەت وردە وردە لە هاوینی خۆی ڕوکارەکەی دەردەکەوێ دەبێتە خاوەنی زمان و مۆرکی تایبەتی خۆی، ئەمەش بە ڕونی دەردەکەوێ لە شوێنەواری هونەری و فۆڕمی

فەلسەفی ئەبستراکت وەک هەستکردن بەرامبەر جیهان و بەرهەڵستکردنی ڕێبازی میسالی ئەمەش لە شارستانی فاوستی و ئەپۆلۆنی دەردەکەوێ پاشان شارستانیەت بەرەو پایز دەڕوات سەرچاوە ڕۆشەنبیری و ڕۆحیەکان بەرەو پێگەیشتن دەچن، سەرەتای پیری و ماندو بونی شارستانیەت دەست پێ دەکات لەم قۆناغەدا شارستانیەت کامڵ دەبن ئەوەی پێیانە لە داهێنان و بەرهەمهێنان پێشکەشی دەکەن لەم وەرزدا بڕوابون بە عەقڵ دەچێتە پێشەوە وردە وردە دەگاتە وەرزی زستان. لەم وەرزدا تێڕوانینی ماددی بۆ جیهان و زاڵبونی زانست و بەرژەوەندی خۆشگوزەرانی دەبێتە مۆرکی شارستانیەت. هونەر مۆرکی ئاڵۆزی و فەلسەفە مۆرکی گومان وەردەگرن وردە وردە زیندویەتی خۆی لەدەست دەدات و لە شارستانیەتەوە دەگۆڕێ بۆ مەدەنییەت، ئەو پڕشنگ و ڕوناکییەی هەیبو دەکوژێتەوە ئەگەرچی هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە دۆخی جارانی بەڵام ناتوانێت و توشی بەستان دەبێ. (عەبدول،٢٠٠٩، ١١١-١١٢)

مەدەنیەت کۆتا قۆناغە لە ژیانی شارستانیەت لەم قۆناغەدا دەمرێت و مەدەنیەت کۆتایی شارستانیەت دیاری دەکات، نەعەقڵ و نەویست ناتوانن ڕێگە لە بەدیهێنانی بگرن شارستانیەتەکان یەک لە دوای یەک پێ دەگەن و پاڵپێوەنەرێکی زەروری ناوەکییان هەیە (الملاح،٢٠٠٥، ٤٣٧-٤٣٨) شپنگلەر گرینگی بە لێکۆڵینەوەی شارستانیەتدا بەو پێیەی زیندەوەرێکی ئۆرگانی زیندون لەوەوە دیاردە کۆمەڵایتی و سیاسی و ڕۆشەنبیریەکان دەردەچن، گەلان بەرهەمی شارستانیەتن نەک دروستکەری، (شارستانیەتی عەرەب) عەرب داینەهێناوە بەڵکو بە پێچەوانەوە شارستانیەتی مەجوسی بنچەی شارستانیەتی عەرەبە بەلای شپنگلەر، ئەو پێیوایە لەو ساتەدا شارستانیەت لە دایک دەبێ کاتێک نەفسێکی گەورەی ڕۆحانی سەرەتای مرۆڤایەتی بەئاگادێت خۆی تەریک دەکاتەوە، تا ببێتە شێوەیەک کە شێوەی نییە شتێکی دیاریکراو کە لەناو دەچێت، لە خاکێکدا گەشە دەکات هەروەکو ڕوەکێک دواجار دەمرێ، کاتێک ئەم نەفسە هەمو تواناکانی بەدیدەهێنێ لە شێوەی گەلان مەزهەب وهونەرو دەوڵەت و زانستەکان دواجار دەگەڕێتەوە دۆخی سەرەتایی. (ئەلمەلاح،٢٠١٣، ٣٩٥)

شپنگەلەر پێی وایە بە لە دایک بونی شارستانیەتی نوێ پشێوی و ئاڵۆزی نامێنێ کە پێشتر هەبوە ملکەچی بۆ سیستەم و یاسا دروست دەبێ بەمەش ئافراندن و داهێنان دروست دەبێ، ئەم داهێنانەش بەردەوام دەبێ لە شارستانیەتدا تا لە خولی منداڵیەوە بەرەو گەنجیەتی و پاشان بەرەوە پیریەتی دەچێت، ئەگەر چی شپنگەلەر پێی وایە کە شارستانیەت بە هۆی بەئاگا هاتنی ڕۆحێکی گەورە لە دایکدەبێ، بەڵام هەندێ هۆکاری دەرەکیش ڕۆڵیان دەبێ لە کارتێکردن و بەئاگاهێنانەوەی و ڕەخساندنی بارودۆخ بۆ لە دایکبونی. (مەبەست لێرەدا ئەو هۆکارە دەرەکیە تەنها ڕۆڵی بە ئاگاهێنانەوە دەبینی چونکە شپنگلەر باوەڕی بە

کاریگەری و کارلێکتر کردن نییە لە نێوان شارستانیەتەکان) بەم جۆرە شارستانیەت لە سێ باردا دروست دەبێ:

١-وروژاندن و چالاککردنی تواناکانی کۆمەڵێک کە بە بارودۆخێکی وەستاو ناچالاکدا تێ دەپەڕێ، بەئاژاوەو شڵە ژاوی دەورەدراوە بە هۆی ئەو کارتێکردنەوە ڕۆحێکی پڕلە تواناو بەپیت سەرهەڵدەدات و شارستانیەتێکی خاوەن بەرهەم و داهێنەر دێتە بون.

٢-پێکهێنانی درۆزنانەی شارستانیەت ئەمە لە کاتێکدا ڕودەدات دو شارستانیەت بەیەک دەگەن یەکێکیان زۆر بەهێزەو ئەوی تریان خاوەنی داهێنانی قوڵ و ڕەسەنایەتیە شارستانیتە بەهێزەکە بەهێز خۆی دەسەپێنێ بەسەر ئەویتریان ناچار شارستانیەتە دۆڕاوەکە دەبێ خۆی بگونجێنێ، چونکە ناتوانێ بە شێوەێک گەشەبکات کە گوزارشت بێ لە سروشتی خۆی ئەم شارستانیە لەبری ئەوەی گەشە بە خۆی بدات تەنها ڕق و کینە تیایدا گەشە دەکات دژی ئەو هێزە بێگانەیەی.

٣-بارێکیتری لەدایک بونی شارستانیەت کە ناگاتە ئەنجام و پێش ئەوەی گەشەبکات دەخنکێنرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە شارستانیەتێک زۆر بەهێز وداهێنەر دەگاتە شارستانیەتێک کە لە بێشکەدایەو پێنەگەیشتوە لەم کاتەدا شارستانیەتە ساواکە دەخنکێت.(عەبدول،٢٠٠٩، ٩٨-٩٩).

شپنگلەر ڕەخنە لەو بۆچونە دەکرێ کە مێژو بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ دابەش دەکات، بەڵکو شارستانیەتی ئەوروپیش لە گەڵ شارستانیەتە گەورەکانی مێژو یەکسان دادەنێت شپنگلەر پێی وایە هەریەکێک لە شارستانیەتیەکان ژیانی تایبەتی خۆی و ڕێڕەوی تایبەتی خۆی هەیە کە لە شێوەی بازنەیەکی داخراوە، ئەو شارستانیەتەی بەدەستی دەهێنێت لە ناو خۆیدا دەمێنێتەوە کاریگەری ناخاتە سەر شا ڕستانیتەکانی تری دەوروبەری، لەهەمانکاتدا ناکەوێتە ژێر کاریگەریان، ئەگەر هەر وێکچونێکیش لە نێوان دو شارستانیەتدا ببینین مانای ئەوە نییە بە هۆی کاریگانەوە بێ، بەڵکو دەستکەوتی تایبەت بەو شارستانیەتییەو بەپێی سروشت و ڕۆحی شارستانیە، بەم شێویە شارستانیەت بەهەمان قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤدا تێدەپەڕێت هەر شارستانیەتێک بەهارو هاوین و پایز و زستانی هەیە کە بە مردنی شارستانیەت کۆتایی دێ، بەم شێوەیە شارستانیەتێکی تر بەرپادەبێت و بەهەمان سوڕی شارستانیەت تێدەپەڕێ، ئا ئەوەیە پێی دەوترێ بە دوایەک داهاتنی دەوری شارستانیەتەکان ئەمە ئەو وێناکردنەیە کە لە لایەن هەر یەکە لە (ابن خلدون و ڤیکۆ ) هەیە.(صبحی، ١٩٦٤،ص ٢٤٥).

**باسی سێیەم: بەراوردێک لەنێوان تێڕوانینی شپنگلەر و ئیبن خلدون بۆ خولیی شارستانێتی**

– ئەگەرچی ناتوانین لەباسێکی وادا بەراوردێکی تەواوی خاڵە لێکچو وجیاوازەکانی ئەم دوبیرمەندە بخەینەڕو، بەڵام هەوڵمان داوە چەند بۆچونوتێڕوانینێکی هاوبەش وجیاوازی ئەم دوبیرمەندە بخەینە بەرباس.

– هەریەکە لەم دو بیرمەندە ڕاڤەیەکی خولیان بۆ قۆناغەکانی بەدوای یەک داهاتنی شارستانیەت کردوە، هەردوکیان ڕاڤەیەکی زیندویان بۆ شارستانیەت کردوە، پێیان وایە شارستانیەتیەکان لە دایک دەبن هەروەکو مرۆڤ پاشان گەشە دەکەن دواتر لەناو دەچن.

– جیاوازیەک کە لەنێوان ئەم دو بیرمەندە هەیە شپنگلەر دەپرسێ ئایا مێژو زانستە؟ ئەگەرچی مێژو بەرز ڕادەگرێ بەڵام پێی وانییە مێژو زانست بێ، چونکە لێکۆڵنەوەی زانستی هۆکاریەتی و یاسای جێگیر ڕۆڵی تیادا دەبینێت و زانست یەکسانە بە سروشت، بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژوی چارەنوس و شیعر ڕۆڵی تیادا دەبینێ و مێژو سەر بە ژیانە یان خۆی ژیانە. بەڵام ئبین خەلدون بەپێچەوانەوە هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی مێژو وەک زانستێک بخاتە ڕو کە یاساو ڕیسای خۆی هەیە لە لێکۆڵنەوەو بەدواداچوندا.

–ئەو میتۆدەی شپنگلەر پەسەندی دەکات میتۆدی (سیمائی)ەکە مێژونوس هەڵدەستێ بە نیشانە کردنی دیمەن و ڕوخسار و خوێندنەوەی زیندوانەیە بۆ مێژو، پەی بردنە بە ناوەکی شتەکان بەم پێیە بێ پەیبردنی مێژو مەعریفەیەکی فتریە، لەڕێگەی مەلەکەی ویژدانەوە دەرک دەکرێت مێژو شتێکە لە شعرەوە نزیکە شپنگلەر دەڵێت: ((پێویستە وەک زانایەک لێکۆڵنەوە لە سروشت بکەین، بەڵام وەک شاعیرێک لێکۆڵنەوە لە مێژو بکەین)) بە پێچەوانەوە تێڕوانینی بەراوردی و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دروست بونی ڕوداوەکان و دروستبونی قۆناغەکانی شارستانیەت ئامرازی سەرەکین لای ئیبن خەلدون.

– ئیبن خەلدون پێی وایە گەلان قۆناغ بە قۆناغ لە هەوڵ و تێکۆشان دان بۆ باشتر کردنی ژیان، و لە ڕێگەی کارکردن و بەرهەمهێنان گواستنەوە لە کۆچەریەوە بۆ شارنیشینی شارستانیەت بەرهەمدێت. بەڵام لای شپنگلەر گەلان بەرهەمی شارستانیەتن نەک دروست کەری شارستانیەت.

– شپنگلەر پێی وایە بە لەدایک بونی شارستەنیەتی نوێ پشێوی و ئاڵۆزی نامێنێ کە پێشتر هەبو، ملکەچی بۆ سیستەم و یاسا دروست دەبێ. لەکاتێکدا ئیبن خەلدون پێی وایە گەلان لە قۆناغی شارستانیەتی دوردەکەونەوە لە ڕەسەنایەتی خۆیان کە خێڵەکیە، لەسەر بنەمای دەمارگیری دامەزراوە وردە وردە دەمارگیری کە هێزی جوامێری و غیرەتە لە دەست دەدەن و دەکەونە دوای خۆشگوزەرانی.

– ئیبن خەلدون باس لە گرینگی جوگرافی و ژینگەی سروشتی و کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دەکات، و باس لە کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر یەک و تێکەڵ بونیان دەکات، لەکاتێکدا شپنگلەر پێی وایە شارستانیەتەکان دروست دەبن و گەشەدەکەن هیچ کاریگەریەکیان بەسەر یەکەوە نییە، ئەگەر وێکچونێکیش هەبێ ئەوە بەهۆی کاریگەری نییە بەڵکو لە سروشتی خۆیانە.

– هەریەکە لە ئیبن خەلدون و شپنگلەر کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەو سەردەمەی تێیدا ژیاون ئیبن خەلدون لەژێر چەتری ئاینی ئیسلام و ژینگەی عەرەب نیشینی کە باسی لە خێڵ وتیرەگەری و حەسبیەت دەکات بە بنەمای دروست بونی شارستانیەت و دەوڵەتیان دادەنێت. بەهەمان شێوە شپنگلەریش لەژێر کاریگەری بارودۆخی ئەوکاتی ئەوروپا کە لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم بوەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ڕوداوانە و تاڕادەیەک ڕەشبین بوە هەرئەمەش بوە وای لێکردوە (ڕوخانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا) بنوسێت.

**ئەنجام**

– ئەگەرچی هەریەکە لە شپنگلەر وابن خلدون تێروانینێکی خولییان بۆ شارستانیەت هەیە، ئەواهەریەکە لەم دوبیرمەندە تێڕوانینی جیایان هەیە لەسەر شارستانیەت، دو بیرمەندی سەردەمەکەی خۆیانن و کاریگەری فەلسەفەی باوی ئەوکاتەو واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ژینگەکەیان لەسەر بوە.

– شپنگلەر خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەندی هەیە بۆ شارستانیەت و مێژو، زانست و مێژو لێک جیادەکاتەوە و میتۆدی سیمائی بەکاردەهێنێ و پێیوایە مێژو زیاتر لە شیعر نزیکترە.

– شپنگلەر پێیوایە شارستانیەتەکان وەکو ژیانی مرۆڤ زیندون و سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن و پاشان لەناودەچن، وەشارستانیەتەکان هیچ کاریگەریەکیان نییە لەسەر یەکتری، پێی وایە شارستانیەت بەچوار قۆناغدا دەڕوات وەک وەرزەکانی ساڵ (بەهار، هاوین، پایز، زستان)

– بەڵام ابن خلدون پێیوایە بناغەی شارستانیەت لەژیانی خێڵ وهۆزەکانی شارنشینەکانەوە سەرهەڵدەدات و پاشان دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی شارنشینی و بەهۆی نەمانی دەمارگیری وە خەڵک دەکەوێتە دوای خۆشگوزەرانی و ئەسڵی خۆی لەبیردەچێتەوە، وردەوردە شارستانیەتەکەی لەناودەچێ و دەپوکێتەوە، وەتەمەنی دەوڵەت جیاوازە لە تەمەنی شارستانیەت لەوانەیە دەوڵەت لەناو بچێت، بەڵام شارستانیەت هەر بمێنێ، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین ئەگەرچی چەند بۆچونێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لەزۆر ڕوەوە بەتەواوی جیاوازن و هەریەکە میتۆدێکی جیا و بە تێڕوانینێکی جیا لێکدانەوە بۆ مێژو و شارستانیەت دەکەن.

# Cyclical comparison of succession of civilizations by Ibn Khaldun and Spingler

**Darstan Abdulrahman Hussin**

Department of philosophy College of Humans, University of Raparin-Ranya Kurdstan Region. Iraq

**Abstract:**

Civilization and history are two autonomous notions while there is an important correlation between them. We are not able to say anything on civilization without looking back at history. One can say civilization creates history and history rewrites civilization. It is the duty of history to explore and study civilization and the reason for their creation thoroughly. According to Spengler's analysis the interpterion of civilization and history in his famous book (The decline of the West). He believes that the principal of history is civilizations. History is inconceivable in its true meaning, without civilization. He mentions that each civilization has its own figures. This philosopher believes that like all the other creatures civilization is born and alive and passes through all stage of live, youth, old ages and death. Which is a current role of history. Conversely, Ibn Khaldun considers that history is a science among the sciences, it has its own methods that the historical events can be clarified historically and each accident can be attributed to its actual intention. The historians must use different methods. They must have a critical idea. He believes that human society is developing just like an alive creature. Whenever a society becomes historic, another society takes its place. This cycle goes through several stages, migration stage, invasion stage and urban stage. Consequently, these theorists have an alive cycle analysis for the stages of civilization. They believe that as human beings civilization are born they grow and then they breakdown. Nonetheless, they have different opinions, Spengler claims that history isn't a science. Conversely Ibn Khaldun has tried hard to identify history as a science. According to Ibn Khaldun, the nations are trying to improve life from migration to civilization. But then again according to Spengler the nations are basically belong to the civilization.

**Keywords**: Spengler, Ibn Khaldun, Civilization, Method, Stage of Development, cyclical Comparison.

## سەرچاوەکان

ابن خلدون، عبدالرحمان(٢٠١٦): موقەدیمە، و: سەعید بەشیر، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

ئەحمەد،نەبەز عەبدولرەحمان(٢٠١٣): فەلسفەی مێژو لای ابن خلدون،چاپخانەی لەریا–سلێمانی.

دیورانت، ویڵ(٢٠١١): مێژوی شارستانییەت، و: عبدوڵلای ڕەسوڵی،چاپخانەی چوار چرا،چ١.

حوسێن، موحسین موحەمەد(٢٠٢٠): سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات –هەولێر، چاپی یەکەم.

زەکەریا، فوئاد: مرۆڤ وشارستانیەت، و: بەهادین جەلال مستەفا،چ١.

الزیدی،موفید(٢٠١٥): سەرەتایەک لە فەلسەفەی مێژو، و:بورهان حاتەم گۆمەتاڵی،چاپخانەی ناوەندی هزر –هەولێر،چاپی یەکەم.

سابیر،رەحیم(٢٠٠٥): فەلسەفەی مێژو، چاپەمەنی گەنج-سلێمانی،چاپی دوەم.

عەبدولکەریم، سەلام(٢٠٠٩): دەربارەی فەلسەفەی مێژو و زانستی مێژو، چاپەمەنی گەنج – سلیمانی، چاپی یەکەم.

عەبدول،مەریوان(٢٠٠٩): فەلسەفەی مێژو لای شپنگلەر، چاپخانەی خانی –دهۆک، چاپی یەکەم.

علی، فوئاد(٢٠٠٦): ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی نوێ، و: زیرەک احمد و سنور عەبدوڵا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

عیسا، ئەلبێرت(٢٠٠٢): تیرەگەری و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدون، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.

محمد، کامەران(٢٠٠٦): ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژو، چاپخانەی یاد- سلێمانی

محمد، ئاکۆبورهان(٢٠١٥): فەلسەفەی مێژو،چاپخانەی ڕۆشەنبیری–هەولێر،چاپی یەکەم.

الملاح،هاشم یەحیا(٢٠١٣): دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژو، و: دەوەن حەسەن، چاپچانەی ڕۆژهەڵات –هەولێر، چاپی دوەم.

الهاشمی، رحیم کاظم محمد(٢٠١٣): پوختەی شارستانیەتی ئیسلامی،و: نیهاد جەلال حبیب الله، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

ابن خلدون: مقدمة، الدراسة(١٩٤٩): احمد الزعبی،بیروت-

صبحی،احمد محمود(١٩٦٤): فی فلسفة التاریخ، دار السقافة – بیروت

الملاح، هاشم یحی(٢٠٠٥): المفصل فی فلسفة التاریخ، المطبعة: المجمع العلمی

Spengler,Oswald;the decline of the west the (mit press on behalf of American –acadimy of arts &sciences)

مهدی، محسین(١٣٨٣): فلسفه تاریخ ابن خلدون، مترجم: مجید مسعودی، چاپی چوارەم، شرکت انتشارات علمی فرهنگی،تهران.

## پەراوێز:

**١-** ناوی (عبدالرحمان ابن محمد ابن خلدون) ناسراوە بە ابن خلدون (١٣٣٢-١٤٠٦ ز، ٧٣٢-٨٠٨ک) لە تونس لە دایک بوە و لە قاهیرە مردوە، هزری خۆی لە حەوت بەرگدا تۆمار کردوە.ابن خلدون بەهۆی بەشی یەکەمی کتێبەکەیەوە ( المقدمة) ناوبانگی دەرکردوە کە تێیدا باس لە زانستی کۆمەڵناسی و زانستی عیمران کە دەروازەیەکی دروستە بۆ تێگەیشتنی مێژو.لەمێژوی ئیسلامدا ابن خلدون بەتاکە نوسەر دادەندرێت، کە بەوپەڕی ڕاشکاویەوە لەبارەی ئاکارە دونیا ویستیەکەی خۆیدا دواوە لە پەرتوکی (التعریف)دا. بڕوانە (ابن خلدون،٢٠٠٦، ٩-١١)، (محمد،٢٠٠٦، ١٨٩).

٢- فەیلەسوفی میسالی ئەڵمانی ئۆسواڵت شپنگلەر لە ساڵی ١٨٨٠ لە بیلا کامبورج لە دایک بوە، لە زانکۆی بەرلین تابەتمەندی لە بواری زانستە سروشتیەکاندا وەرگرتوە، هەروەها لە زانکۆی هامبۆرگ ماتماتیکی خوێندوە دکتۆرای دەربارەی فیلەسوفی یۆنانی (هیراکلیتس) بوە تا ساڵی ١٩١٠ کاری وانە وتنەوەی ئەنجامداوە لەشارەکانی (برۆکن و دۆسلدۆرف و هامبۆرگ) وانەکانی ماتماتیک و زانستی زیندەوەرو زمانی ئەڵمانی و جوگرافیا و مێژوی بۆ ماوەیەکی کەم وتۆتەوە، ئەو دەیویست کاتی هەبێ بۆ لێکۆڵینەوەو نوسین، کە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا بەهۆی کەم دەرامەتی لە گەڕەکێکی هەژارنیشن لە میونخ نشتەجێبولە خواردنگەی کرێکاران نانی دەخوارد و پاشان لە ژورە ساردەکەی خەریکی نوسینی کتێبەکەی (ئاوابونی ڕۆژئاوا) بو، کە سەرجەم فەلسەفەکەی تێداکۆکردۆتەوە. بڕوانە(عەبدول،٢٠٠٩، ١١-١٣)،(محمد،٢٠١٥،).